خوای گەورە -عز وجل- دەفەرموێت: شکۆداری ئیزارمە، وخۆبەگەورەزانین وشانازی کردن چارۆکەمە، هەرکەسێک ڕکابەرایەتی من بکات لە هەریەکێکیاندا سزای دەدەم

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە -عز وجل- دەفەرموێت: «شکۆداری ئیزارمە*، وخۆبەگەورەزانین وشانازی کردن چارۆکەمە**، هەرکەسێک ڕکابەرایەتی من بکات لە هەریەکێکیاندا سزای دەدەم». *(ئیزار: ئەو پۆشاکەیە بۆ نمونە وەکو شەڕواڵ وپانتۆڵ و دسداشە وهاوشێوەکانیان کە بەشی خوارەوەی لاشە دادەپۆشن ولە ژێر چارۆکە یان بشت یان عاباوە لەبەر (دەکرێن)، **(چارۆکە: ئەو پۆشاکەیە بۆ نمونە وەکو عابا یان بشت کە لە سەرەوەی ئیزارەوە لەبەر دەکرێت
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شکۆداری وخۆبەگەورەزانین دوو سیفەتن تایبەتن بە خوای گەورە کە هیچ بوونەوەرێک هاوبەشی وشەریکی خودا نین لەم سیفاتانەدا، هەروەکو چۆن پیاوێک ئیزار وچارۆکەی تایبەت بە خۆی هەیە وکەسی تر لەبەری ناکات جگە لە خۆی، خوای گەورە ئەم دوو سیفەتەی تایبەت کردووە بە زاتی مەزنی خۆی، وئەم دوو سیفەتە تایبەتمەندییان ئەوەیە کە تەنها سیفەتی خوای گەورەن ونابێت هیچ کەسێک بانگەشەی بوونی ئەم دوو سیفەتە بکات لە خۆیدا یان بەم دوو سیفەتەوە بانگبکرێت لە لایەن خەڵکیەوە، ئەگەر هەرکەسێک بانگەشەی شکۆداری وخۆبەگەورەزانین بکات ئەوا لە ڕاستیدا ئەم کەسە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ڕکابەری خوای گەورە دەکات، وئەوەی ئەم بانگەشەیە بکات ئەوا بانگەشەی ڕکابەرایەتی خودا دەکات لە هێز ودەسەڵاتیدا، پەنا بە خودا، وخودا سزای ئەم جۆرە کەسانە دەدات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6107